خولی ئیسپانیا.. ئەتلەتیکۆ بە ئەساسنا دەڵا و تووشی شەشەم شکستبوو لەم وەرزەدا

لە خولی ئیسپانیا ئەتلەتیکۆ بە ئەساسنا دەڵا و تووشی شەشەم شکستبوو لەم وەرزەدا.

لە یارییەکی هەفتەی 36ی خولی ئیسپانیا، یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی ئەساسنا.

تایمی یەکەم، ئەساسنا یارییەکی چێی ئەنجامدا و لە خولەکی 25 کاتینا گۆلی یەکەمی بە تەمارکردن، نیوەی یەکەمیش بەو تاکە گۆڵە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، رەخیبلانکەس چەندین جار هەوڵی یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکەی دەدا، بەڵام لە بەرامبەردا یانەی خاوەن یاریگا گۆڵی دووەمیشی لە رێگەی بودیمیر لە خولەکی 82 هێنایە بەرهەم.

سەرئەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی بەوەڵام لە سودی ئەساسنا کۆتایی هات، بەم ئەنجامە ئەساسنا سەرکەوت بە پلەی نێەمی ریزبەندیی، ئەتلەتیکۆش لە پلەی سێیەم مایەوە.